

دڵی ڕۆژهەڵات

## چاوەکانت بەشوێنمدا دەگەڕێن

ئەگەر من مردم
تۆ لە کام چاوگەی هیواوە سەردەردەکەی؟
لە کام ئولفەتی خۆشەویستییەوە
پێکەنین بەیان دەکەی؟

ئەگەر من بوومە قوربانی،
تۆ لە کام چاوگەوە دەڕۆیت و
داوای هیوا دەکەی؟
لە کام پێکی مەمکەوە داوای پاکبوونەوە دەکەی؟

ئەگەر من گوومبووم
لەکام باخچەدا پشوویەک دەنۆشی و خەیاڵێک دووگیان دەکەی و بەدیار چاوی دڵکەشەوە دەگری؟
لە کام کۆشکدا سەرخەوێ دەشکێنی بەبێ گریان؟

ئەگەر من لە هیچ  شوێنێ نەبووم
ئەو ڕۆژە دێت
چاوەکانت بە شوێنما دەگەڕێن
هەمووجێ لە چاوتا

له هزرتا

له خه‌یاڵتا

ده‌بنه وه‌سوه‌سه‌ی نه‌دۆزینه‌وه و

گه‌ڕان.

ئه‌وکاته‌ی دڵته‌نگ بووی

سه‌رێک بده له ماڵه چۆڵه‌که‌ی سینه‌م و

ته‌ماشای شکڵه هه‌ڵواسراوه‌کان بکه

چۆن به دیواری دڵمه‌وه

چۆن به تاقی سینه‌مه‌وه

به‌بێنازی سه‌مای ته‌نیایی ده‌که‌ن

چۆن به‌بێهیوایی سه‌یری خۆرئاوابوون و

ئاسۆ غه‌مگینه‌کان و

شه‌که‌تی ڕێگای ونبوون ده‌که‌ن.

ئاخ بێنازی گووشین و

بێ مه‌یلی مه‌ستبوون.

سلێمانیی

دڵکه‌ش قادر